# کەناڵی نەورۆز لەنێوان وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردەدا

ئەگەر میدیا ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر قولکردنەوەی تێگەیشتنی خەڵک لەکارو چالاکیەکانی حکومەت و حزب و سیاسیەکاندا هەبێ، دەبێ بگوترێ کە هەموو حکومەت، دەوڵەت و نیشتمانێک پێویستی بە میدیای تایبەتی خۆی هەیە. لەو ڕوانگەیەشەوە ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی کوردستان پێیانوابوو کەناڵی نەورۆز دەکارێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، چونکە وەک کەناڵێکی ئاسمانی ڕاستەخۆ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستە دەکرا، وەک ئاشکراشە بە کەمترین بودجە کارو چالاکیەکانی خۆی ڕایی دەکرد، بەڵام بۆچی لەپڕ لێی کەوتنە تەقە، پەڵپ و بیانۆیان پێگرت و بڕیاریاندا کە ڕادەستی وەزارەتی پەروەردەی بکرێ؟!

ئەمە پرسیارێکی گرنگەو لەکاتی خۆیشیدا دەکرێ، بەڵام تا ئێستا بەدوای بەرسڤدا دەگەڕێین و کەسێک وەڵاممان ناداتەوە.

کەناڵی نەورۆز لە هەنگاوەکانی خۆیدا هەوڵی دەدا ڕامانی پلۆرال (فرە ڕامانی) بکات بە دیفاکتۆ، بەوهۆیەشەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەرفەتی بۆ هەموو قەوارەو لیستە جیاوازەکان دەرەخساندو ڕێی دەدان تا ڕامان و بۆچوونی خۆیان بە خەڵک بگەیەنن و بانگەشەی تایبەت بۆ خۆیان بکەن، ئەوەش بەو واتایە بوو کە کەناڵی نەورۆز خۆی بە بەرپرس لەبەرانبەر تێکڕای کۆمەڵی کوردستاندا دەزانی، بەڵام میدیاکانی حزبەکان سنووردار کرابوون و لە بازنەیەکی داخراوی سواودا دەخولانەوەو هەڵدەخلیسکان، نەک هەر تینوێتی خەڵکیان نەدەشکاند، لەوانەیە سەر ئێشەشیان بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان دروست کردبێ. بەهۆی ئەوەی کە تەنیا بە شان و باڵی ڕەوت یان لایەنێکی دیاریکراویان هەڵدەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەزای خۆیان قورس کردبوو، هەر ئەوەش وایکردبوو کە نیگای خەڵک لەسەر کەناڵی نەورۆزدا بگیرسێتەوە.

بە دەرفەت ڕەخساندن بۆ ڕامانی پلۆرال نەک هەر لێبوردەیی و گیانی برایەتی و دۆستایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردستاندا قوڵتر دەبێتەوە، بەڵکو زەمینەی ئاشتی و هێمنایەتی و پێشکەوتنیش دەرەخسێ. لە ڕاڤەکردنی ئەو چەند وشەیەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە کەناڵی ئاسمانی نەورۆز لەبەردەم سەندنی باجی ئافراندنی فرە ڕامانیدا خۆی دەبینێتەوە.

باشە ئەگەر حکومەت میدیایێکی تایبەت و بەهێزی خۆی نەبێت، چۆن دەتوانێ هەواڵ و زانیاریەکانی خۆی بە خەڵک بگەیەنێ؟! ئەگەر حکومەت نوسینگەو ئۆفیسی تایبەتی ڕاگەیاندنی نەبێت، چۆن دەتوانێ بڵێ :' ئەمە منم و ئەمەش پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی من'

ئەگەر حکومەت میدیایێکی تایبەت بە خۆی نەبێت، ئایا وتەبێژەکانی حکومەت (سەرۆکی حکومەت و بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان) هەواڵ و زانیاریەکانی خۆیان بەکێ دەدەن و بە چ شێوازێک ڕایەڵەی نێوان حکومەت و خەڵک بەهێز دەکەن؟!

لە وڵاتانی دیکەدا، ڕاگەیاندن و میدیای دەوڵەت (حکومەت) زۆر لە ڕاگەیاندن و میدیای حزبی و ئەهلی بەهێزترو کاراترن، بەڵام لە باشووری کوردستاندا پێچەوانەکەی برەوی پێدەدرێ، چونکە میدیا جۆراوجۆرو هەمەڕەنگەکانی حزب زۆر لە پێشەوەی میدیای حکومەت دان، پارەو توانستێکی زۆرتریشیان بۆ فەراهم کراوە.

ڕاستە حکومەتی هەرێم وەزارەتی دەرەوەی نیە، بەڵام بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەیە، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان وتەبێژی خۆیان هەیە، وەزارەت و فەرمانگەکان بەشی ڕاگەیاندنیان هەیە، دەی باشە لەکاتی نەبوونی میدیای حکومەت ئەوانە چۆن چالاکی و کارنامەی خۆیان بە جەماوەر دەگەیەنن؟! لە کاتێکدا کەناڵی ئاسمانی نەورۆز هەموو ئەو ئەرکانی لە ئەستۆ گرتبوو، بەخێراییش بەرەو پێشەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە، شارەزایی و لێهاتووی خۆی پێشان دەدا.

ڕاستیەکەی، ئەرکی حکومەتی هەرێم بوو تا بودجەیێکی زۆرتری بۆ کەناڵی نەورۆز تەرخان بکرابایە، سستەمێکی پێشکەوتووتری بۆ دابین بکرابایە، بەوهۆیەشەوە کەناڵی نەورۆز پۆستی میدیای دەوڵەتی وەردەگرت، بۆ میدیاکانی دیکە، بۆ ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرانی بیانی دەبوو بە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریەکان، بەوهۆیەشەوە لە کەناڵێکی هەواڵکرەوە دەبوو بە سەرچاوەیێکی هەواڵ و زانیاری فرۆش. میدیا جۆراوجۆرەکانی وڵاتان ناچار دەبوون کە هەواڵەکانی کوردستان لەوێوە بەدەستبهێنن، بەڵام کاتێک کەناڵی نەورۆز ئاوەڕوت دەکرێتەوەو ڕادەستی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم دەکرێ، واتە حکومەت بە ئارەزوومەندانە، بەدەست و بڕیاری خۆی پردی نێوان خۆی و خەڵک دەڕووخێنێ، خۆی بە قەدەری میدیاکانی حزب دەسپێرێ، ئەوانیش لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و ڕامانی خۆیانەوە شرۆڤەی دەکەن. وەزیرەکان ناچار دەبن کە هەواڵ و چالاکیەکانی خۆیان بە میدیای حزبەکەی خۆیان بدەن.

ئەگەر کەناڵی نەورۆز لە دەست وەزارەتی ڕۆشنبیری بمابوایەوە، گەرەک بوو بە ڕێی ڕاست و دروست زانیاری هەمەجۆر لە بواری سیاسەت، کولتور، وێژە، زانست، پەروەردە، تاوان و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵ بە خەڵک بگەیاندبوایە، بەڵام کە ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە دەکرێ، واتای ئەوەیە کە ئەرک و پەیامی کەناڵەکە دەگۆڕدرێ، واتە لە بواری خوێندن و فێرکاریدا چڕ دەکرێتەوە، ئەوەش نەک هەر کاری کەناڵێکی دەوڵەتی نیە، بەڵکو ئەرک و وەزیفەی کەناڵی زانکۆیێک یان فێرگەیەک بەڕێوە دەبات، لەوانەیە ئەگەر کۆمپانیایێکی قازانجخواز ئەو کارە بکات لە وەزارەتی پەروەردە سەرکەوتووتر دەبێ و ڕۆڵی کاریگەرتریش کایە دەکات.

ئەگەر کۆمپانیا، زانکۆ، پەیمانگە یاخود دامەزراوەیێکی دیکەی فێرکاری کەناڵێکی ئاسمانی پەروەردەو فێرکردنی کۆدکراو دابمەزرێنێ و بەڕێوەی ببات، نەک هەر سەرکەوتوو دەبێ، بەڵکو قازانجیش دەکات، ئەوکاتە فێرخوازان لەجیاتی بەدوای مەلزەمەو کۆرسی تایبەت بگەڕێن، دەتوانن بە ئابونمانێک سود لەو کەناڵە وەربگرن، بەڵام ئایا کەناڵێکی پەروەردەیی کە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بەڕێوەی ببات، دەتوانێ لە زانکۆ و پەیمانگەو فێرگەکانی ناو هەرێمی کوردستان زانیاری زیاتر بە فێرخوازان ببەخشێت؟! بێگومان بەرسڤی ئەو پرسیارە بە نەخێرێک تەواو دەبێ و هەمووشمان تێیدەگەین. ئەمە حزبەکەی خۆیان بدەن.

لەکاتێکدایە کە هێشتا ڕازی سپاردنی کەناڵی نەورۆز بە وەزارەتی پەروەردە بۆ زۆرێک لە خەڵک ئاشکرا نەبووە.

بێگومان ئەگەر کەناڵی نەورۆز وەک خۆی بمێنێتەوەو ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە نەکرێ، دەتوانێ ڕۆژانە چەند کاژێرێک خۆی بۆ بواری پەروەردەو فێرکردن تەرخان بکات و بەرنامەی تایبەت پێشکەش بکات.

هەرچەندە ئەمە بەدواداچوونێکی خێراو سەرپێییە، بەڵام دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەگەر کەناڵی نەورۆز ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە بکرێ، هەم حکومەت و خەڵک تێیدا زیانمەند دەبن، هەمیش پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و ئازادی ڕۆژنامەوانی بەرتەسک دەبنەوە، بۆیە لە جێی خۆیەتی ئەگەر ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرو خاوەن ڕامانە جیاوازەکان کەمپینێک دروست بکەن و داوا لە حکومەت بکەن تا لەو بڕیارەی خۆی پاشگەزبێتەوە.




ڕێکار ئەحمەد



rekarahmed@hotmail.com

# یەکەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەرەو گۆشەگیری دەڕوات



ئەیاد عەلاوی و لیستی ئەلیعراقیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە ڕۆژی ٧ی ئازاری ئەمساڵ بەڕێوەچوو، پلەی یەکەمی بەدەست هێناوەو وەک براوە ناسێندراوە، بەوهۆیەشەوە چاوی میدیاکان و وڵاتانی جیهان لەسەر ئەو پیاوەی کە لە نوری مالکی بردبۆوە، گیرسابۆوەو پێشبینی ئەوەیان دەکرد کەبۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت ڕابسپێردرێ، بەڵام ئێستا گرەو لەسەر پێشبینیەکانی پێشوویان ناکەن.

لە دوای ئاشکرابوونی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕاپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی (چۆن عەلاوی بردییەوە؟) سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بڵاوکردبۆوە، تیایدا هاتبوو: 'سەرکەوتنەکەی ئەیاد عەللاوی سەرۆک وەزیرانی پێشوو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەهەمو شوێنێک بوە مایەی سەرسوڕمان، بەدڵنیاییەوە هەروابوو، بەڵام ئەگەر لەنزیکەوە سەرنج لە هەڵمەتی بانگەشەی عەللاوی بەبەراورد لەگەڵ هەڵمەتی بانگەشەی ئەو پیاوەی کە شکستی پێهێنراوە، بدرێت ، هەرگیز نابێتە مایەی سەرسوڕمان'

ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز لە درێژەیدا نووسی بووی 'دڵی جەماوەریتی عەللاوی ئەوەیە کە تەواو عەلمانییە. ئەم ڕاستییە بۆ زۆرێک لەعێراقییەکان جێی بایەخە، لەدوای کارەساتەکانی جەنگی تایەفی ٢٠٠٦-٢٠٠٧، چونکە هێشتا مالیکی نەبۆتە سەرکردەیەکی عەلمانی، ئەو نیوە عەلمانی و نیوە شیعەیەکی مەزهەبیە. زۆربەی شیعە عەلمانییەکان (ئەگەر هەمویان نەبن)، دەنگیان بە عەلاوی داوە، سەرەڕای ئەوەی واناسێنراوە کە کاندیدێکی دەستنیشانکراوی سونەکانی عێراقیشە.

د.حازم ئەلنوعێمی لێکۆڵیاری سیاسیی لەبەغدا سەبارەت بە سەرکەوتنەکەی عەللاوی گوتبووی: 'سەرکەوتنی عەللاوی ئاماژەیێکی گەورەیە بۆ گۆڕانی بۆچوونی خەڵکی عێراق لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامی سیاسی، عێراقییەکان بێزاربون لەحیزبە ئایدیۆلۆژی و ئایینییەکان'.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن کە عەللاوی پەیوەندییێکی باشی لەگەڵ وڵاتانی سوریە، تورکیە، عەرەبستانی سعودی هەیە و بە پشتیوانی ئەوانیشەوە ئەو سەرکەوتنەی بەردەست هێناوە، بەڵام خودی خۆی تێگەیشتووە کە ئەگەر ڕەزامەندی کۆماری ئیسلامی ئێران وەدەست نەهێنێ، هەرگیز لەسەر کورسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دانانیشێ. هەربۆیەش لە چەندین کەناڵ و ڕێگەیەوە پەیامی باش و پۆزەتیڤی بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران ناردوە. بەتایبەتیش دیدارەکەی تاریق ئەلهاشمی لەگەڵ باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەغداد کە چەندین دەنگۆو کاردانەوەی لێکەوتەوە، سەرەنجام بە ناچاری بە بەدرۆیان خستەوە.

سیاسەتمەداران پێیانوایە کە ئەگەر عەللاوی لە وەدەستهێنانی دەنگی شیعە عەلمانیەکان سەرکەوتنی لەبەرانبەر مالیکیدا، بەدەست هێنابێ، بەڵام ئاکام لە وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکوەزیران کە شیعەکان یەکلایی دەکەنەوە شکست دەخواو ناتوانێ بیباتەوە. ئەوەش وایلێدەکات کە بیر لە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا بکاتەوە. وێڕای ئەوەی کە گەورە سەرکردەکانی عێراق لە وێنەی سەرۆک تاڵەبانی، عەلی سیستانی، عادل عەبدولمەهدی و عەممار ئەلحەکیم حەز بە دوور خستنەوەی عەللاوی ناکەن و دەخوازن کە عەللاوی لە کابینەی حکومەت بەشداری پێبکرێ، بەڵام مالکی و هاوکارانی بە توندی ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە، بەشدارییپێکردنی هەمووان بە گیرۆدەبوونی حکومەت دادەنێن و پێیانوایە کە ئەگەر هەموو لیستەکان لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت بەشداری بکەن، واتایێک بۆ هەڵبژاردن و ئۆپۆزیسیۆنبوون و کێبەرکێکردن نامێنێتەوە، بۆیە لێبڕاوانە لە خەمی مسۆگەرکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانی دان. ئەگەر ئەو سێ لایەنەش وەکو پێشوو دەست لەناو دەستی یەکتر بنێن کە ئاشێرەکان بە ئەگەری هەرە نزیکی دادەنێن، ئەوکاتە لیستی ئەلعێراقیە جگە لەگۆشەگیری و هەڵدانی بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن بوون هیچ دەرفەتێکی دیکەی لەبەردەم دا نامێنێتەوە، وەک چاودێران دەڵێن کە هەر لە ئێستاوە ئەو ڕێچکەیە خۆی دەنوێنێ.

جێی ئاماژەیە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە تا ئێستا، ئەمریکا خۆی بە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە پێشان نادات، بەڵام هەردوو وڵاتی تورکیاو عەرەبستانی سعودی وەک دوو یاریزان ڕەوانەی ناو یاریەکە کردوەو دەیەوێ گۆڵ لە ئێران بکرێ، ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، بۆ خۆی ڕاستەوخۆ دێتە مەیدانەکەو بە قازانجی خۆی دەیشکێنێتەوە.

ئەیاد عەللاوی گرەوی زۆری لەسەر پشتیوانی ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبیدا کردبوو، هیواو ئاواتەکانی لەسەر بردنەوە کردبوو، بەڵام ئێستا بێجگە لە سعودیە هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بوێری ئەوە ناکات ڕاستەوخۆ بێتە ناو گۆڕەپانەکە و بۆ بەزاندنی شیعەکان بە ئاشکرا کار بکات، هەرچەندە کە باوەڕو متمانەیان بە هێزە شیعیەکان نیە، بەڵام ناوێرن وەکو جاران سەرکردە ناسراوەکانی شیعەی عێراق بە داردەستی کۆماری ئیسلامی ئێران ناوببەن. ئەوان لە ناخەوە پێیانوایە کە سەرکردەکانی هێزە شیعەکان گۆشکراو، پەروەردەکراوو ئەڵقە لەگوێی سەرانی تارانن، بۆیە متمانەیان پێناکەن، بەڵام کاتێک لە ڕەوشی سوننەکان ورد دەبنەوە، دەگەنە ئەو بڕوایەی کە لیستی ئەلعێراقیە لە پۆستەکان بێبەش دەکرێ، لەو ڕێیەشەوە دەرگەی کابینەی داهاتوو بەڕووی سوونەکان کڵۆم دەدرێ.

ئەیاد عەللاوی بۆ ئەوەی سەرنجی ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی بەلای خۆیەوە ڕابکێشێتەوە باس لە ئەگەری دووپاتبوونەوەی توندوتیژی دەکات، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر پیوانە بۆ دەنگی لیستی یەکەم نەکرێ کە ملیۆنان عێراقی دەنگیان پێداوە، واتای ئەوەیە کە جارێکی دیکەش بەسەر ویست و داخوازیەکانی زۆرینەی عێراقیەکان باز دەدرێتەوە.

ئەیاد عەللاوی بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتی لیستەکانی کوردستان مسۆگەر بکات، باس لە گونجان لەگەڵ کورد دەکات، ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێ کە کلیلی مادەی ١٤٠ و یەکلایی کردنەوەی کێشەی جێناکۆکەکان تەنیا لەدەستی لیستی ئەلعێراقیە دایە، ئەوەش بەو مانایەیە کە دەبێ کورد هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەودا بکەن، بەڵام زۆرێک لە سەرکردەی لایەنە کوردستانیەکان باوەڕو متمانە بە هاوکارانی ئەیاد عەللاوی ناکەن، بەتایبەتیش ئوسامە نجێفی کە بەدژایەتیکردنی کوردستانیان ناسراوەو تاریق ئەلهاشمیش پێ لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری دادەگرێ. ئەو دوو هۆیەو دەیان هۆی دیکە لیستی ئەلعێراقیەو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەیەکتر دوورتر دەکەنەوە، بۆیە ئەگەر گوشارو زەمانەتی ئەمریکای لەگەڵدا نەبێ، باوەڕ ناکرێ کە لیستەکانی کوردستان هاوپەیمانی لەگەڵ عەللاویدا بکەن، ئەگەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش دەرگە لە ئەیاد عەللاوی نەکاتەوە، ئیدی ناچار دەبێ کە هەناسە سارد بمێنێتەوەو گۆشەگیری هەڵبژێرێ کە ئەوەشیان بە دواین وێستگەی کاری سیاسی عەللاوی پێشبینی دەکرێ.

چاودێرێکی سیاسی گوتبووی: ئەیاد عەللاوی ئەوەی کە لە سەرەتای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردندا دەم بەخەندە لێدوانی بۆ ڕۆژنامەوان دەدا و چاوی لە پۆستی سەرۆکوەزیران بڕیبوو، ئێستا بەهەناسە ساریەوە باس لە بەشداری پێکردنی لیستەکەی لە حکومەتی داهاتوو دەکات، ئەگەر ئەو هیوایەشی سەر نەگرێ، دەبێ بە نیگەرانی و داخباریەوە بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوەو گۆشەگیری هەڵبژێرێ.

هاشم عەبدوڵڵا
hashm_abdulla@hotmail.com